**بۆ یەکەم جار پۆلی زمانی کوردی لە هاملتن کرایەوە و شەست و یەک قوتابی تۆمار کران ... چرۆ زەند**

کەنەدا



شەست و یەك قوتابی لەپۆلی زمانی کوردی کە بۆ یەکەم جار لە هاملتن لە قوتابخانەی سەن چارلس لە ٤ فێبریوەری ٢٠٠٦ کرایەوە ناویان تۆمارکرد. لەم ڕۆژە مێژوویەدا، لە سەرماو بەفری زستانا، پێشوازیەکی گەرم کرا لەم پرۆژەیە لەلایەن دایك و باوکە بەرێزەکانی دانیشتوانی هاملتن کە ویستیان منداڵەکانیان فێری (زمانی دایك) بن یان لەبیریان نەچێتەوە. هەروەك ئەوانیش بەهەمان شێوە بەخێرهاتن کران لەلایەن مامۆستای قوتابخانەکەوە.

خاتوو نەرمین کەریم کە مامۆستای زمانی کوردیە ئەرکی ناونوسیینی قوتابیەکانی گرتە ئەستۆ وە ڕۆڵێکی گرنگی بوو لەو بوارەدا. مامۆستایەکی تری قوتابخانەکە، خاتوو شکریە دۆسکی پۆلێکی بۆ ساوایان جیاکردەوە کە تەمەنیان لە حەوت ساڵ کەمتربوو. هەروەها شلێر کەتانی کاری خۆبەخشی پێشکەش بە قوتابخانەکە کرد.

خاتوو کارلۆ لۆرانس لە دایك بووی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایەو دانیشتووی کەنەدا، ئەم ئافرەتە میهرەبانە، هاوکاریەکی گەورەی کردین بە کاری خۆبەخشی. کارلۆ هاوڕێو دۆستی کوردە. نازناوی ئاشتی بۆ خۆی هەلبژاردوە. بەو ناوە کوردیە خۆی بە قوتابیەکان دەناساند لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیا. پاش دابەش کردنی قوتابی بەسەر پۆلەکانا، دەستی کرد بە دابەش کردنی کۆششی ڕۆژانە بەسەر قوتابیانی هەردوو پۆلەکەدا.

لەلایەکی ترەوە ئدریسی خەتخۆش ئەلف بای کوردی بە جوانترین شێواز نووسی وە کردیە دیاری قوتابخانەکە، ئەمەش بوە خەڵاتێکی بەنرخ بۆ قوتابیان و بە تەختەی پۆلەکانا هەڵواسرا. جگە لە چەند نامەو کارتی دەستخۆشی کە لەلایەن خەڵکی هاملتن پێمانگەیشت.
شایانی باسە ئەم پۆلە پرۆژەیەکی بێلایەنە و بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوڵەتی کەنەدا بەڕێوە دەچێ. هەردوو شێوازی ئەلف وبای سۆرانی و لاتینی دەگرێتەخۆ دوور لە بۆچونی سیاسی و ئاین. بە ئامادەکردنی گەلێ کورتەچیرۆك، شریت، وە فلیمی کارتۆن بۆ منداڵان. لەداهاتوویەکی نزیکدا چاوەڕوانی قوتابی زیاتر دەکەین بۆ گەشەپێدانی ئەو قوتابخانەیە وە کردنەوەی پۆلی نوێ. بۆ خزمەت گەیاندن بە منداڵی کورد. بەهیوام بەمە بەشێکی کەم لەو ئەرکە پیرۆزەی کە لە ئەستۆمانە گەیاندبێ.
لە کۆتای سوپاس و پێزانیین بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی هاوکاریان کردین تەنەنانەت بە وشەیەك. سەرکەوتن بۆ ئەو قوتابخانە خنجیلەیە، وە گشت قوتابیان کە لە کۆتایی پۆلەکەدا زۆربەیان ناوی خۆیان بە کوردی نووسی.

zandchro@hotmail. com

February 14، 2006

